شاندێکی ئەمریکی ستایشی سەرکەوتنەکانی بەغدا دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە شاندێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا دەکات

نوسینگەی هاگیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەهاگیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە بەهاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە پێشوازی کرد لە سیناتۆرەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا ئانگس کینگ و جەیمس لانکفۆرد و شاندەکەی یاوەریان.

وتیشی سودانی جەختی لەسەر گرنگی پێیوەندییە دووقۆییەکان لەگەڵ ئەمریکا کردەوە، و هیوای پەرەپێدانیانی خواست لە بوارە جیاجیاکاندا، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و وزە و وەبەرهێنان و ڕۆشنبیری، و ئاماژەی بە پێیوەندییەکانی هاوپێیمانی نێودەوڵەتی کرد، لەچوارچێوەی گفتوگۆکاندا بە گواستنەوە بە قۆناغی نوێ و هاوکاری ئەمنی لەبواری ڕاوێژکردن و بنیاتنانی توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

ڕوونیشیکردەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە سەقامگیری ئاشکرای عێراق کرد، کە لە بارودۆخی

ئابووری و گەشەسەندندا ڕێنگی داوەتەوە و جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت هەنگاوی یەکلاکەرەوەی ناوە لە کەرتی نەوت و گازدا و دەستکەوتی گرنگی تێدا بەدەستهێناوە، کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی هاوکاری و وەبەرهێنان لەگەڵ کەمپانیا ئەمریکییەکان لەم بوارەدا.

لە لای خۆیانەوە ئەندامانی شاندەکە پیرۆزباییان لە عێراق کرد بەبۆنەی سەرکەوتنی بەستنی لووتکەی عەرەبی و گەشەپێدان و ئەوەی ئەو وڵاتە دەتوانێت تێیدا بەشداری بکات لەبەدیهێنانی سەقامگیریی ناوچەکە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی گەورەی لەم بوارەدا، هەروەها سەرسامی خۆیان دەربڕی بە پشکەوتنی بەرچاوی عێراق لەسەر ئاستی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و گەشەپێدان و سەرکەوتنی حکومەت لەبوارە جیاجیاکاندا و خواستی خۆیان بە بەهێزکردنی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەهەموو بوارەکاندا دەربڕی.